University Hospital Southampton
NHS Foundation Trust

# کاتێک کەسێک دەمرێت

زانیاری بۆ خێزان، هاوڕێ و سەرپەرشتیارەکان



**ئەم نامیلکەیە بۆ یارمەتیدانی ئێوە نوسراوە دوابەدوای مردنی خزم و کەسوکار یان هاوڕێیەکتان لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانمان1**

کاتێک کەسێک دەمرێت، ژمارەیەک شت هەیە کە دەبێت ئەنجامیان بدەیت و لەوانەیە تۆ شارەزایان نەبیت. لەم نامیلکەیەدا، تۆ زانیاری کردارەکی دەربارەی ئەو هەنگاوانە دەبینیتەوە کە دەبێت بگیرێنە بەر، لەنێوانیاندا چۆن مردنەکە تۆمار دەکەیت و چۆن دەست دەکەیت بە پرۆسەی سازدانی پرسە و ماتەمینی.

هەروەها وردەکاری ڕۆڵی تیمی پرسە و سەرەخۆشی و پشتگیری خێزان و خزمەتگوزاریی پشکنەری پزیشکی لە ساوثهامپتن (MES) دەبینیتەوە، شانبەشانی وردەکارییەکانی ئەوەی کە لەکوێ دەتوانیت زانیاری و پشتگیری زیاتر بەدەست بهێنیت، هەم کردارەکی و هەم سۆزداری.

## ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| تیمی پرسە و سەرەخۆشی و پشتگیری خێزان | 3 |
| یەکسەر دوای مردنی کەسێک | 4 |
| خزمەتگوزاریی سەرپەرشتی گیانی | 5 |
| شتومەک و شتی بەنرخ | 5 |
| تۆمارکردنی مردنەکە | 6 |
| خزمەتگوزاریی پشکنەری پزیشکی لە ساوثهامپتن (MES) | 9 |
| لێکۆڵەری فەرمی دەوڵەت بۆ هۆکاری مردن و توێکاری دوای مردن | 10 |
| توێکاری دوای مردن لە نەخۆشخانە | 11 |
| سازدانی پرسە و ماتەمینی | 12 |
| لەکوێ ڕێنوێنی بەدەست دەهێنیت بۆ دیاریکردنی سامانی کەسێک | 13 |
| خزمەتگوزاری تێڵ ئەس وانس Tell Us Once service | 14 |
| پشتگیری سەبارەت بە خەمی لەدەستدان و پرسە و سەرەخۆشی | 15 |
| پەیوەندی بەسوود | 16 |
| پەیوەندییە بنەڕەتییەکانی نەخۆشخانە | 17 |
| زانیاری ڕێکخراوی خێرخوازی نەخۆشخانەکانی ساوثهامپتن | 18 |
| لیستی ئەو کەسانەی کە دەبێت ئاگادار بکرێنەوە | 20 |
| تێبینی | 21 |
| کاتێک کەسێک دەمرێت: ڕێنمایەکی هەنگاو بە هەنگاو بۆ پرۆسەی پرسە و سەرەخۆشی | 22 |

## تیمی پرسە و سەرەخۆشی و پشتگیری خێزان

لەدەستدانی کەسێکی خۆشەویست بۆ هەیە یەکێک لە ساتە هەرە سەختەکان بێت کە هەر یەک لە ئێمە ڕووبەڕووی ببێتەوە. ئێمە حەز دەکەین ئێوە بزانن کە تیمی تەرخانکراوی پرسە و سەرەخۆشی و پشتگیری خێزانی ئێمە ئامادەن بۆ پشتگیریکردنی خۆتان و کەسانی نزیکتان لەم کاتەدا.

ئێمە دەتوانین ڕێنمایی، یارمەتیدان و پشتگیری کردارەکی و سۆزداری لە هەر کاتێکی پرسە و سەرەخۆشیدا پێشنیاز بکەین.

ئێمە بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لە ئێوە دەکەین کە لە هەر قۆناغیکدا بێت پەیوەندیمان پێوە بکەن، ئەگەر پێویستیتان بە ڕێنمایی یان زانیاری بوو لەسەر:

- هەر لایەنێکی پرۆسەی پرسە و سەرەخۆشی
- سەردانی کەسە خۆشەویستەکەتان دوای مردنی
- سازدانی ڕێوشوێنێکی پرسە و ماتەمینی
- هەر پەڕاوێکی بەرایی زیاتر کە پێویست بکات
- سەرچاوەی زیاتری یارمەتی و پشتگیری کە بۆ ئێوە بەردەست بێت

هەروەها ئێمە دەتوانین زانیاری فەراهەم بکەین دەربارەی سیستەمی پشکنەری پزیشکی لە ساوثهامپتن (MES)، لەنێوانیاندا:

- ڕۆڵی پشکنەری پزیشکی ساوثهامپتن
- بەدەستهێنانی بڕوانامەی پزیشکیی هۆکاری مردن (MCCD)
- تۆمارکردنی مردنەکە
- خزمەتگوزاری لێکۆڵەری فەرمی دەوڵەت بۆ هۆکاری مردن لە هامپشێ

## چۆن پەیوەندیمان پێوە دەکەیت

تەلەفون: **023 8120 4587**

ئیمەیڵ: **bereavementcare@uhs.nhs.uk**

کاتژمێرەکانی دەوامی فەرمانگەی ئێمە 8 بەیانی بۆ 4 دوانیوەڕۆ دووشەممە بۆ هەینی.

## یەکسەر دوای مردنی کەسێک

**کاتێک مردنێک لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانماندا ڕوو دەدات، خاڵی یەکەمی پەیوەندی ئەو کەسەی کە مردووە ڕاستەوخۆ لەلایەن یەکێک لە کارمەندەکانی قاوشەکەیەوە ئاگادار دەکرێتەوە1**

### بەسەربردنی کات لەگەڵ ئەو کەسەی کە مردووە

ئەگەر حەز بکەن، خۆت و ئەو کەسانەی کە لە مردووەکە نزیکن دەتوانن ڕێوشوێن بۆ بەسەربردنی کات لەگەڵ ئەو ساز بکەن بۆئەوەی خواحافیزی لێ بکەن.

ئێمە وەها ڕاسپاردە دەکەین کە ئەوە لە پرسەخانە ئەنجام بدرێت دوای ئەوەی کە کەسەکە دەگوێزرێتەوە بۆ ژێر سەرپەرشتی ئەوان.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەندێک باردا، لەوانەیە ئێوە بتوانن بەر لەوەی نەخۆشخانە بەجێبهێڵن سەردانی خزم و کەسوکار یان هاوڕێکەتان بکەن.

تیمی پرسە و سەرەخۆشی و پشتگیری خێزان یارمەتیتان دەدەن بۆ سازدانی ئەوە، ئەگەر بتانەوێت.

## خزمەتگوزاریی سەرپەرشتی گیانی
ئەگەر حەز بکەیت لە هەر کاتێکدا بێت دەتوانیت داوای بینینی پیاوی ئایینیی نەخۆشخانە بکەیت.

خزمەتگوزاریی سەرپەرشتی گیانی ئێمە پشتگیری بۆ هەموو کەس پێشنیاز دەکات و تۆ پێویست ناکات بڕوایەکی ئایینیت هەبێت بۆ بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکە. یەکێک لە کارمەندەکان لەو قاوشەی کە خزم و کەسوکار یان هاوڕێکەت مردووە دەتوانێت لەبری تۆ پەیوەندی بە خزمەتگوزارییەکەوە بکات.

یان لەباتی ئەوە، خۆت دەتوانیت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خزمەتگوزارییەکەوە بکەیت بە ژمارە:
**023 8120 8517** (مەکینەی وەڵامدانەوەی نهێنی)، یان لە نهۆمی D، بینای ناوەند لە نەخۆشخانەی گشتی ساوثهامپتن (پیاوی ئایینیی باوەڕە جیاوازەکان).

ئەگەر لە دوای دەوامی فەرمی پێویستیت بە پشتگیری بوو، تکایە پەیوەندی بکە بە هێڵگۆڕکێی نەخۆشخانەوە بە ژمارە: **023 8077 7222** و داوای پیاوی ئایینیی ئێشکگر بکە.

## شتومەک و شتی بەنرخ
نوێنەرێک لە بنکەی پشتگیری نەخۆشەوە پەیوەندی بە خاڵی یەکەمی پەیوەندی ئەو کەسەوە دەکات کە کۆچی دوایی کردووە بۆ سازدانی وەرگرتنەوە یان گەیاندنی هەر شتومەکێکی تایبەتی ئەو.

تۆ دەتوانیت پەیوەندی بە بنکەی پشتگیری نەخۆشەوە بکەیت بۆ وتووێژکردن لەسەر ئەوە بە ژمارە: **0800 10135 484**

شتی بەنرخ و پارەی کاش لە نوسینگەی کاشێر دەپارێزرێن و کە لە 9 بەیانی بۆ 4 دوانیوەڕۆ، دووشەممە بۆ هەینی کراوەیە. لەپێناوی وەرگرتنەوەی شتومەکی بەنرخدا، تۆ دەبێت هەندێک بەڵگەی ناسنامە فەراهەم بکەیت بۆ نیشاندانی ئەوەی کە تۆ لە ڕووی یاساییەوە ڕێگە پێ دراویت بۆ وەرگرتنەوەی ئەوانە. ئەوە بەشێوەیەکی ئاسایی هاوسەری کەسەکە یان ڕاپەڕێنەرێک دەبێت کە ناوی لەسەر وەسێتنامەکە بێت، یان ئەگەر ئەو کەسەی کە مردووە وەسێتنامەی نەبێت، ئەو کەسەی کە 'نامەکانی بەڕێوەبردن' ی بەدەست دەگات (بەڵگەنامەیەک کە لەلایەن تۆماری وەسێتنامەوە دەردەکرێت کە دەسەڵاتی یاسایی دەدات بە بەڕێوەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سامانەکانی).

ژمارە تەلەفونی نوسینگەی کاشێر ئەمەیە: **023 8120 6058**.

## تۆمارکردنی مردنەکە

**کاتێک کەسێک دەمرێت، ئەوە دەبێت لە ماوەی پێنج ڕۆژدا لە ڕێکەوتی مردنەکەیەوە لە نوسینگەی تۆمارکاری لەدایکبوون، مردن و هاوسەرگیری تۆمار بکرێت، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە پێویست بێت لێکۆڵینەوەی لێکۆڵەری فەرمی دەوڵەت بۆ هۆکاری مردن ئەنجام بدرێت1 هەتا مردنەکە تۆمار نەکرێت پرسە و ماتەمینی ناتوانرێت ئەنجام بدرێت1**

**بەر لەوەی بتوانرێت مردنێک تۆمار بکرێت چ شتێک دەبێت ئەنجام بدرێت؟**

بەرلەوەی کە بتوانرێت مردنێک تۆمار بکرێت، بڕوانامەیەکی پزیشکیی هۆکاری مردن (MCCD) پێویستە.

**ئایا من پێویستە هیچ شتێک ئەنجام بدەم بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی پزیشکیی هۆکاری مردن (MCCD)؟**

نەخێر. ئەو دوکتۆرانەی کە سەرپەرشتی خزم و کەسوکار یان هاوڕێکەتیان کردووە یەکسەر دوای ئەوەی کە هۆکاری مردن لەلای خزمەتگوزاریی پشکنەری پزیشکی لە ساوثهامپتن (MES) یەکلایی کرایەوە ئەوە ئامادە دەکەن.

پشکنەری پزیشکی خزمەتگوزارییەکی نیشتمانییە کە پێداچوونەوەی بێلایەن بۆ هەموو مردنەکانی نەخۆشخانە و ناو کۆمەڵگە فەراهەم دەکەن، کە چاودێریکردنی دەرکردنی MCCD ش لەخۆ دەگرێت.

لە زۆربەی بارەکاندا، هۆکاری مردن ڕوون دەبێت و دوکتۆرەکان دەتوانن بەبێ دواکەوتن MCCD دەربکەن.

تۆ لەلایەن خزمەتگوزاریی پشکنەری پزیشکی لە ساوثهامپتن (MES) ـەوە پەیوەندیت پێوە دەکرێت بۆ ئاگادارکردنەوەت لەوەی کە کەی دەتوانیت لە نوسینگەی تۆمارکردن وادەیەک دابنێیت بۆ تۆمارکردنی مردنەکە.

MCCD ـەکە بەشێوەی ئەلکترۆنی دەنێردرێت بۆ نوسینگەی تۆمارکردن.
تکایە هەوڵ مەدە بەر لە پشتڕاستکردنەوەی ئەوە وادە دابنێیت.

**چۆن مردنەکە تۆمار دەکەیت**

تۆ پاشان دەبێت وادەیەک دابنێیت بۆئەوەی بچیت بۆ نوسینگەی تۆمارکردن کە لەم ناونیشانەیە:

**1 Bugle Street, Southampton, SO14 2AJ**

بۆ هەموو وردەکارییەکانی پرۆسەکە و دانانی وادەیەک، تکایە سەردانی ئێرە بکە:
**www.southampton.gov.uk/register-a-death**

تکایە ئاگاداربە کە لەکاتێکدا دەتوانیت وادەیەک لەسەر ئینتەرنێت دابنێیت، تۆمارکردنی ڕاستەقینەی مردنەکە دەبێت خۆت بەشێوەی کەسی بچیت ئەنجامی بدەیت.

### کێ دەتوانێت مردنێک تۆمار بکات؟

تۆ دەتوانیت مردنەکە تۆمار بکەیت ئەگەر تۆ:

- خزم و کەسوکاری بیت
- ئەو کەسە بیت کە ڕێوشوێنەکان لەگەڵ بەڕێوەبەرەکانی پرسە و ماتەمینی ساز دەکەیت
- کەسێک بیت کە لەکاتی مردنەکەدا لەوێ بووبیت
- بەڕێوەبەرێک بیت لە نەخۆشخانەکە

### من دەبێت چ شتێک لەگەڵ خۆم ببەم بۆ وادەکە لە نوسینگەی تۆمارکردن؟

تکایە ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە لەگەڵ خۆت ببە ئەگەر ئەوانەت هەیە:

- بڕوانامەی لەدایکبوون و/یان بڕوانامەی هاوسەرگیری کۆچکردوو
- پاسپۆرتی کۆچکردوو
- بەڵگەی ناونیشانی کەسی کۆچکردوو (بۆ نموونە، پسووڵەی کارەبا، گاز و ئاو کە لەماوەی سێ مانگی ڕابوردوودا دەرچووبێت)
- بەڵگەنامەی ناسنامەی خۆت (پاسپۆرت)

دوای تۆمارکردنی مردنەکە، تۆمارکار ئەمانەت دەداتێ:

- ڕوونووسی بڕوانامەی مردنەکە (تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە تۆمارکار پێچەوانەی ئەوەی وتبێت). تۆمارکار پرسیارت لێ دەکات چەند ڕوونووسی بڕوانامەکەت دەوێت. هەقدەسێک هەیە بۆ هەموو ڕوونووسەکان.

### فۆڕمی سەوز

تکایە ئاگاداربە کە بڕوانامە بۆ ناشتن یان سووتاندنی جەستە (فۆڕمە سەوزەکە بۆ سازدانی پرسە و ماتەمینی پێویستە) بەشێوەی ئەلکترۆنی سکان دەکرێت و ڕاستەوخۆ دەنێردرێت بۆ بەڕێوەبەرەکانی پرسە و ماتەمینی و شوێنی ناشتن یان سووتاندنی جەستە
فۆڕمە سەوزەکە ڕاستەوخۆ نادرێت بە تۆ.

**تۆمارکردن لەڕێگەی بەڵێننامەوە**

ئەگەر تۆ خۆت نەتوانیت مردنەکە لە ساوتهامپتن تۆمار بکەیت، لەوانەیە بتوانیت لەڕێگەی بەڵێننامەوە لە شارەکەی خۆتەوە تۆماری بکەیت.

تۆمارکاری ناوچەکە ناتوانێت مردنەکە تۆمار بکات یان هیچ بڕوانامەیەکت بۆ دەربکات بەڵام زانیارییە پێویستەکان وەردەگرێت و دەیاننێرێت بۆ نوسینگەی تۆمارکردن لە ساوتهامپتن.

تۆمارکاری ساوتهامپتن پاشان مردنەکە تۆمار دەکات و بڕوانامە پەیوەندیدارەکان دەردەکات. ئەوانە بە پۆستدا دەنێردرێن بۆ تۆ، کە لەوانەیە بەو هۆیەوە ببێتە هۆی دواکەوتن لە سازدانی پرسە و ماتەمینییەکەدا.

## خزمەتگوزاریی پشکنەری پزیشکی لە ساوثهامپتن (MES)

**هەر وەک لە لاپەڕە 6 دا ڕوون کراوەتەوە، کاتێک کەسێک لە نەخۆشخانە دەمرێت، لە زۆربەی بارەکاندا دوکتۆرێک کە چارەسەری ئەوی کردووە بڕوانامەیەکی پزیشکیی هۆکاری مردن (MCCD) دەردەکات، کە بۆ تۆمارکردنی مردن پێویستە[1]**

بەرلەوەی کە بتوانرێت ئەو بڕوانامەیە بنووسرێت، دوکتۆرەکە دەبێت لەماوەی کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ پشکنەرێکی پزیشکی (کە دوکتۆرێکی پزیشکیی پایە بەرزە) لە خزمەتگوزاریی پشکنەری پزیشکی لە ساوثهامپتن (MES)ـەوە پێداچوونەوە بۆ مردنەکە بکات.

ئەو کۆبوونەوەیە بۆ دڵنیاکردنی ئەوەیە کە بڕوانامەکە بە ڕاست و دروستی ڕەنگدانەوەی هۆکاری مردنەکەیە و بۆ دەستنیشانکردنی هەر بوارێکی سەرپەرشتی کە لەوانەیە پێویستی بە پێداچوونەوە بێت.

بەرپرسێکی پشکنەری پزیشکی (MEO) هیوادار دەبێت کە بەر لەو کۆبوونەوەیە قسەت لەگەڵ بکات بۆئەوەی بزانێت ئاخۆ تۆ هیچ نیگەرانی یان سەرنج و تێبینییەکت هەیە دەربارەی ئەو سەرپەرشتییەی کە پێشکەشی کراوە.

ئەگەر دوکتۆرەکە نەتوانێت MCCD دەربکات (ئەو کەیسانەی کە لێکۆڵەری فەرمی دەوڵەت بۆ هۆکاری مردن دەبێت زیاتر لێکۆڵینەوە لە مردنێک بکات)، بەرپرسی پشکنەری پزیشکی (MEO) لەو پرۆسەیە ئاگادارت دەکاتەوە کە دەبێت پەیڕەو بکرێت و دەبێت دواتر چی بکەیت.

دەتوانیت لەسەر ئینتەرنێت زانیاری زیاتر دەربارەی سیستەمی پشکنەری پزیشکی بەدەست بهێنیت:
/www.england.nhs.uk/establishing-medical-examiner-system-nhs
یان لەڕێگەی کۆدی وەڵامدانەوەی خێرا QR ی خوارەوەوە.

ئەگەر پێویستیت بە هەر زانیارییەکی زیاترە دەربارەی خزمەتگوزاری پشکنەری پزیشکی، تکایە ئیمەیڵ بکە بۆ: **medicalexaminer@uhs.nhs.uk** یان تەلەفون بکە بۆ: **023 8120 3564.**

## لێکۆڵەری فەرمی دەوڵەت بۆ هۆکاری مردن و توێکاری دوای مردن

**هەندێک مردن لەلایەن دوکتۆرەکانی نەخۆشخانەوە هەواڵ دەدرێن بە لێکۆڵەری فەرمی دەوڵەت بۆ هۆکاری مردن[1].**

ئەوە لەوانەیە بەو جۆرە بێت ئەگەر:

- هۆکاری مردنەکە دڵنیا نییە
- مردنەکە لەپڕ یان توندوتیژانە بووە یان لەئەنجامی کارەساتێکەوە ڕووی داوە
- مردنەکە لەوانەیە لە ئەنجامی زامداربوون یان نەخۆشییەکی پیشەسازییەوە ڕووی دابێت
- مردنەکە لەکاتێکدا ڕووی داوە کە نەخۆشەکە نەشتەرگەرییەکی بۆ ئەنجام دەدرا یان لەژێر کاریگەریی بەنجکردندا بووە.

لێکۆڵەری فەرمی دەوڵەت بۆ هۆکاری مردن بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە ئاخۆ پێویست بە توێکاری دوای مردن دەکات یان نا. توێکاری دوای مردن، هەروەها بە توێکاریش ناسراوە، پشکنینی پزیشکی لاشەیەکە دوای مردن. ئامانج لە توێکاری دوای مردن بۆ یەکلاییکردنەوەی هۆکاری مردنە.

لێکۆڵەری فەرمی دەوڵەت بۆ هۆکاری مردن مافێکی یاسایی هەیە کە داوای توێکاری دوای مردن بکات تەنانەت ئەگەر ئەوە پێچەوانەی ئارەزووی خێزانەکەش بێت. ئەوان هەموو ڕێوشوێنە پێویستەکان ساز دەکەن و فۆڕمە پەیوەندیدارەکان دەدەن بە نوسینگەی تۆمارکردن بۆئەوەی بتوانیت مردنەکە تۆمار بکەیت.

بڕوانامەی پزیشکیی هۆکاری مردن (MCCD) نانوسرێت لەکاتێکدا کە پشکنینی پزیشکیی توێکاری دوای مردنی لێکۆڵەری فەرمی دەوڵەت بۆ هۆکاری مردن ئەنجام دەدرێت. ئەگەر توێکاری دوای مردن ئەنجام بدرێت، ئەنجامەکان یەکەم جار تەنها دەنێردرێن بۆ لێکۆڵەری فەرمی دەوڵەت بۆ هۆکاری مردن بەڵام دواتر دەکرێت لەلایەن پزیشکی گشتی (جی پی) ئەو کەسەوە کە مردووە دەستیان پێ ڕابگات.

ئەگەر مردنەکە هەواڵ دراوە بە لێکۆڵەری فەرمی دەوڵەت بۆ هۆکاری مردن تکایە بە بەڕێوەبەری پرسە و ماتەمینییەکەت بڵێ. ئەوان لەبری تۆ هاوئاهەنگی لەگەڵ لێکۆڵەری فەرمی دەوڵەت بۆ هۆکاری مردن دەکەن و ئاگادارت دەکەنەوە کە کەی دەتوانیت لە نوسینگەی تۆمارکردن مردنەکە تۆمار بکەیت.

زانیاری زیاتر بەردەستە لە:
**www.hta.gov.uk/guidance-public/post-mortems**
یان لەڕێگەی سکانکردنی کۆدی QR (وەڵامدانەوەی خێرا)وە.

## توێکاری دوای مردن لە نەخۆشخانە

**ئەو دوکتۆرەی کە مردنەکەی پشتڕاست کردۆتەوە لەوانەیە داوای ڕێپێدان بکات بۆ ئەنجامدانی پشکنینێکی پزیشکی توێکاری دوای مردن لەپێناوی بەرەوپێشبردنی زانین و دانایی و تێگەیشتنی پزیشکیی و فێرکاری[1]**

توێکاری دوای مردن لە نەخۆشخانە تەنها لە هەندێک هەلومەرجی تایبەتدا لەلایەن ئەو دوکتۆرانەوە داوا دەکرێن کە سەروساختیان لەگەڵ سەرپەرشتی ئەو کەسەدا هەبووە کە مردووە.

تیمی پرسە و سەرەخۆشی و پشتگیری خێزان دەتوانن پشتگیریت بکەن بۆئەوەی بڕیارێک بدەیت کە بۆ تۆ ڕاست و دروستە. ئەوە بەتەواوی بەدەست خۆتە کە ئایا ڕێگەیان پێ بدەیت یان نا. ئەگەر وەها بکەیت، پشکنینە پزیشکییەکە نابێت ڕێوشوێنەکانی پرسە و ماتەمینی دوا بخات و تۆ هێشتا هەر بڕوانامەی پزیشکیی هۆکاری مردن (MCCD) ت لە نەخۆشخانەوە بەدەست دەگات.

ئەگەر پرسیاری زیاترت هەبوو، یان ئەگەر ئارەزووی زانیاری زیاتر دەکەیت سەبارەت بە توێکاری دوای مردن، بە توێکاری دوای مردنی تایبەتیشەوە، تکایە پەیوەندی بە تیمی پرسە و سەرەخۆشی و پشتگیری خێزانەوە بکە.

## سازدانی پرسە و ماتەمینی

**یەکسەر دوای ئەوەی کە مردنێک تۆمار دەکرێت، پرسە و ماتەمینی دەکرێت ئەنجام بدرێت[1]**

- زۆر گرنگە کە بە زووترین کاتی گونجاو پەیوەندی بەو بەڕێوەبەرێکی گشتی پرسە و ماتەمینییەوە بکەیت کە خۆت دەتەوێت بۆئەوەی بتوانن لەبری تۆ دەست بکەن بە سازدانی ڕێوشوێنەکان.
- تۆ پێویست ناکات چاوەڕوانی بکەیت هەتا بڕوانامەی پزیشکیی هۆکاری مردن (MCCD) دەردەچێت بۆ پەیوەندیکردن بە بەڕێوەبەری پرسە و ماتەمینییەوە.
- هەر کەسێک کە کەسی نزیکی ئەو کەسە بێت کە مردووە دەتوانێت پرسە و ماتەمینییەکە ساز بکات.

ئەو کەسەی کە مردووە لەوانەیە لە وەسێتنامەکەیدا یان لە شوێنێکی تردا ڕێنوێنیی بەجێ هێشتبێت، سەبارەت بە جۆری ئەو پرسە و ماتەمینییەی کە ویستویەتی و/یان ئەوەی کە ئاخۆ ئەو ویستویەتی بنێژرێت یان لاشەکەی بسوتێندرێت.

زۆری بەڕێوەبەرەکانی پرسە و ماتەمینی حەوت ڕۆژ لە هەفتەدا بەردەستن و بە شێوەیەکی ئاسایی خۆشحاڵ دەبن لە ماڵەوە سەردانت بکەن بۆ یارمەتیدان و ڕێنماییکردنت. نرخی پرسە و ماتەمینی جۆراوجۆرە و ئەگەر حەز بکەیت دەتوانیت بەر لەوەی بڕیار بدەیت پەیوەندی بە چەندین بەڕێوەبەری پرسە و ماتەمینییەوە بکەیت و نرخەکان بەراورد بکەیت.

یان لەباتی ئەوە، ئەگەر حەز بکەیت دەتوانیت خۆت پرسە و ماتەمینییەکە بەڕێوە ببەیت بەبێ یارمەتیدان لە بەڕێوەبەری پرسە و ماتەمینییەوە. ئەگەر ئارەزووی هەندێک ڕێنمایی دەکەیت سەبارەت بەوەی کە چۆن بەرەوپێش بچیت، تکایە سەبارەت بەوە لەگەڵ ئەندامێکی تیمی پرسە و سەرەخۆشی و پشتگیری خێزان وتووێژ بکە.

**یارمەتیدان سەبارەت بە تێچووەکانی پرسە و ماتەمینی**

ئەگەر یەکێک لە دەستگیرۆیی (بەنەفێت) ـە دیاریکراوەکان وەردەگریت، لەوانەیە تۆ شیاو بیت بۆ یارمەتیدان سەبارەت بە تێچووی پرسە و ماتەمینی.

دەتوانیت لەڕێگەی بەکارهێنانی فۆڕمی SF200 ـەوە داوا پێشکەش بکەیت (پارەپێدانی پرسە و ماتەمینی لە سندوقی کۆمەڵایەتییەوە) کە لە نوسینگەی تۆمارکردن و زۆربەی بەڕێوەبەرەکانی پرسە و ماتەمینی بەردەستە.

تۆ هەروەها دەتوانیت دەستت بە وەشانێکی سەرهێڵ ڕابگات لەڕێگەی سکانکردنی کۆدی وەڵامدانەوەی خێرا QR ـەوە.

تکایە بە وردی لە ڕاست و دروستی زنیارییەکان دڵنیا بەرەوە بۆئەوەی لەوە تێبگەیت کە بەڕێوەبەرایەتی کار و خانەنشینی (DWP) پارەی چ تێچوویەک دەدات.

**پارەپێدانی پشتگیری پرسە و سەرەخۆشی**
ئەگەر تەمەنت لە خوار تەمەنی خانەنشینی دەوڵەتەوەیە و بێوەژن/بێوەپیاو کەوتوویت یان هاوژینی سیڤیڵ (مەدەنی) ت کۆچی دوایی کردووە، لەوانەیە شیاو بیت بۆ پارەپێدانی پشتگیری پرسە و سەرەخۆشی.

دەتوانیت زانیاری زیاتر بەدەست بهێنیت لە:
**www.gov.uk/bereavement-support-payment**

یان لەباتی ئەوە، ئەگەر حەز بکەیت دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە خزمەتگوزاری پرسە و سەرەخۆشی بەڕێوەبەرایەتی کار و خانەنشینی (DWP) ـەوە بە ژمارە: **0345 606 0265** بۆ ڕێنمایی

**لەکوێ ڕێنوێنی بەدەست دەهێنیت بۆ دیاریکردنی سامانی کەسێک**
یەکلاییکردنەوەی سامانی کەسێک ئەو زاراوەیەیە کە بۆ وەسفکردنی پرۆسەی مامەڵەکردن لەگەڵ موڵک و ماڵ و دارایی ئەو کەسە بەکار دێت کە مردووە. ئەوە دەبێت بەگوێرەی هەندێک ڕێسای تایبەت ئەنجام بدرێت.

ئەگەر تۆ کەسی ناوزەدکراوی ڕاپەڕێنەری وەسێتنامەی ئەو کەسەیت کە مردووە، ئەوە بەرپرسیارێتی تۆیە کە سەیر بکەیت بزانیت ئاواتەکانی ئەو کەسە، بەو جۆرەی کە تۆ لێیان تێدەگەیت، بەجێ گەیەندراون. ئەوە لەوانەیە دانی پارەی تێچووەکانی پرسە و ماتەمینی، دانەوەی قەرز و باج و هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ موڵک و ماڵ و سامانی تریان لەخۆ بگرێت.

تۆ دەتوانیت خۆت ئەوانە ئەنجام بدەیت لەڕێگەی پەیوەندیکردنەوە بە نوسینگەی وەسێتنامەی ناوچەکەتەوە بۆ بەدەستهێنانی فۆڕمە پەیوەندیدارەکان و ڕێنوێنی، یان دەتوانیت پارێزەرێک بەکار بهێنیت کە هەقدەسەکانی بە شێوەیەکی ئاسایی لە سامانەکانی ئەو کەسە دەردەکرێن.

ئەگەر وەسێتنامەی نەبێت، نزیکترین خزمی زیندووی دەتوانێت داوا پێشکەش بکات بۆئەوەی ببێت بە بەڕێوەبەری سامانەکانی. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەوە، پەیوەندی بکە بە: ناوەندی پەیوەندی وەسێتنامە بە ژمارە: **0300 303 0648**
(دووشەممە بۆ هەینی 8 بەیانی بۆ 6 پاشنیوەڕۆ).

یان سەردانی ئێرە بکە:
**www.gov.uk/applying-for-probate/if-theres-not-a-will**

زانیاری زیاتر لەسەر ئینتەرنێت بەردەستە:

[www.gov.uk/when-someone-dies](http://www.gov.uk/when-someone-dies)

[www.citizensadvice.org.uk/family/death-and-wills/what-to-do-after-a-death](http://www.citizensadvice.org.uk/family/death-and-wills/what-to-do-after-a-death)

## خزمەتگوزاری تێڵ ئەس وانس **Tell Us Once service**

**تێڵ ئەس وانس خزمەتگوزارییەکە کە بوارت بۆ دەڕەخسێنێت بۆ ڕاپۆرتدانی مردنێک بۆ زۆربەی ڕێکخراوە حکومییەکان بە یەک جار1 بەر لە بەکارهێنانی خزمەتگوزاری تێڵ ئەس وانس Tell Us Once مردنەکە دەبێت تۆمار کرابێت1**

زانیاری دەربارەی خزمەتگوزارییەکە لەسەر ئینتەرنێت بەدەست بهێنە لە:
[https://www.gov.uk/after-a-death/organisations-you-need-to-contact-and-tell-us-once](https://www.gov.uk/after-a-death/organisations-you-need-to-contact-and-tell-us-once) یان لەڕێگەی کۆدی وەڵامدانەوەی خێرا QR ـەوە.

یان تەلەفون: **10800 085 7380**

ئاسانتر دەبێت ئەگەر تۆ ئەم شتانەی کەسەکەت پێ بێت:

- ژمارەی دڵنیایی نیشتمانی (ناشناڵ ئینشورانس نەمبەر)
- وردەکارییەکانی هەر دەستگیرۆیی (بەنەفێت) یان خزمەتگوزارییەک کە ئەو وەریگرتبن
- مۆڵەتی شۆفێری و پاسپۆرتەکەی

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئەو شتانەت لەلا نەبوو خەمت نەبێت، چونکە دەتوانیت بەبێ ئەوانە خزمەتگوزاری تێڵ ئەس وانس بەکار بهێنیت.

پشتگیری سەبارەت بە خەمی لەدەستدان و پرسە و سەرەخۆشی

**پرسە و سەرەخۆشی، خەم و خەفەتی لەدەستدانی کەسێکت بۆی هەیە ببێتە هۆی چەندەها دەرکەوتە و ئەوانە بە شێوازی جیاواز کاریگەری لەسەر خەڵک دادەنێن1**

هیچ جۆرە هەستکردنێک نییە کە بڵێین ئەمە ڕاستە و ئەوە هەڵەیە سەبارەت بەوە. تەنانەت ئەگەر پێشتر زانیبێتیشت کە کەسە خۆشەویستەکەت دەمرێت، لەوانەیە هێشتا هەستکردن بە خورپەیەکت لەلا دروست ببێت و پەسەندکردنی ئەوە بۆی هەیە سەخت بێت. هەر کەسە و بە شێوازێکی جیاواز خەم و خەفەتی مردن ئەزموون دەکات و زنجیرەیەک هەست و سۆزی لەگەڵدایە کە بۆی هەیە تاقەت پڕوکێن بن.

هەندێک لە هەرە باوترین دەرکەوتەکان دەشێت ئەمانە لەخۆ بگرن:

- خورپە و سڕبوون - ئەوە بە شێوەیەکی ئاسایی یەکەم کاردانەوەیە بۆ لەدەستدانی کەسێکت
- دڵتەنگییەکی تاقەت پڕوکێن
- ماندوویی یان پشوو لێ بڕان
- توڕەیی لەو کەسەی کە لەدەستت داوە یان لە هۆکاری لەدەستدانی ئەو کەسە
- هەست بە گوناهباری، بۆ نموونە، هەست بە گوناهباری سەبارەت بە توورەیی، سەبارەت بە شتێک کە تۆ وتووتە یان نەتوتووە، یان کە نەتتوانیوە بەر لە مردنی کەسە خۆشەویستەکەت بگریت

زانیاری لەسەر ماڵپەڕی ئێن ئێچ ئێس NHS هەیە دەربارەی خەم و خەفەت و پشتگیری پرسە و سەرەخۆشی: **www.nhs.uk**

پزیشکی گشتی (جی پی) دەتوانێت پشتگیریت بۆ پێشنیاز بکات دوابەدوای مردنی کەسێکی نزیکت و ئەگەر حەز بکەیت دەتوانیت لەوەی کە ڕووی داوە ئاگاداریان بکەیتەوە. ئەگەر ئازار یان کەمخەویت هەیە یان وەها هەست دەکەیت کە ناتوانیت هەڵ بکەیت، زۆر گرنگە کە پزیشکی گشتی (جی پی) خۆت ئاگادار بکەیتەوە. ئەوان دەتوانن یارمەتیت بدەن و ڕێنماییت بکەن دەربارەی خزمەتگوزاری پشتگیریی زیاتری تایبەت بە پێداویستییەکانی خۆت و خێزانەکەت.

تکایە بڕوانە لاپەڕە 16 بۆ وردەکارییەکانی ئەو ڕێکخراوانەی کە تۆ خۆت یان خزم و کەسوکاری نزیکت لەوانەیە حەز بکەن پەیوەندی پێوە بکەن یان لەسەر ئینتەرنێت سەردانیان بکەن بۆ پشتگیریکردنی زیاتر.

## پەیوەندی بەسوود

**ئەو ڕێکخراوانەی خوارەوە دەتوانن دوابەدوای پرسە و سەرەخۆشی پشتگیریی سۆزداری و ڕێنمایی کردارەکی پێشنیاز بکەن1**

**هێڵی یارمەتی پرسە و سەرەخۆشی**
تەلەفون: **0800 731 0469**
تێکستفۆن: **0800 731 0464**

**سەرپەرشتی پرسە و سەرەخۆشی کروز**
تەلەفون: **0808 808 1677**
ماڵپەڕ: **www.cruse.org.uk**
ئیمەیڵ: **helpline@cruse.org.uk**
هێڵی یارمەتی دووشەممە بۆ هەینی 9.30 بەیانی بۆ 5 پاشنیوەڕۆ کراوەیە (بێجگە لە بانک هۆڵیدەی) وە لە ڕۆژانی سێشەممان، چوارشەممان و پێنجشەمماندا کاتژمێرەکانی کرانەوە هەتا 8 شەو درێژ دەبنەوە.

**خزمەتگوزاری ستیزنس ئەدڤایس**
تەلەفون: **0800 144 8848**
ماڵپەڕ: **www.citizensadvice.org.uk**

**فەرمانگەی دەرەوە، کۆمۆنویڵث و گەشەکردن (FCDO)**
تەلەفون: **020 7008 1500**
ماڵپەڕ **0www.gov.uk/government/organisations/foreign commonwealth-development-office**

**گریف چات Grief Chat**
تەلەفون: **01524 889823**
ماڵپەڕ **www.griefchat.co.uk**
ئیمەیڵ: **info@griefchat.co.uk**
پشتگیری بێ بەرامبەر و پیشەوەرانەی سەرهێڵ بۆ خەم و خەفەت لەگەڵ ڕێنیشاندەرێکی لێهاتووی پرسە و سەرەخۆشیی.

**خزمەتگوزاری ڕێنمایی پارە**
تەلەفون: **0800 138 7777**
ماڵپەڕ **www.moneyadviceservice.org.uk**

**ڕیلەی شانشینی یەکگرتوو Relay UK**

ئەگەر ناتوانیت لەسەر تەلەفون گوێت لە هیچ بێت یان قسە بکەیت، دەتوانیت ئەوەی کە دەتەوێت بیڵێیت لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕیلەی شانشینی یەکگرتوو Relay UK ـەوە تایپی بکەیت. تەلەفون: 18001 بەدوایدا 0800 731 0469 لێ بدە. یەکسەر دوای ئەوەی کە پەیوەست بوویت، دەتوانیت گفتوگۆکەت تایپ بکەیت یان بە قسە بیگەیەنیت. دەتوانیت ڕیلەی شانشینی یەکگرتوو Relay UK لەسەر ئەپ یان تێکستفۆنێک بەکار بهێنیت.

**سایمن سەیس Simon Says**

تەلەفون: **023 8064 7550**

ماڵپەڕ **www.simonsays.org.uk**

ئیمەیڵ: **info@simonsays.org.uk**

ڕێکخراوێکی خێرخوازییە کە بنکەکەیان لە هامپشییە و پشتگیریی گەنجان دەکەن لە ماوەی یان دوابەدوای لەدەستدانی کەسێکی جێگەی سەرنج لە ژیانیاندا. سەرچاوەی یارمەتی چڕوپڕ بۆ دایکوباوک، خزم و کەسوکار و پیشەوەرەکان، لەنێوانیاندا ستافی قوتابخانە، دەکرێت لەسەر ماڵپەڕەکەیان ببینرێتەوە.

**ساماریتانس Samaritans**

تەلەفون: **116 123**

ماڵپەڕ: **www.samaritans.org**

پشتگیریی هێڵی یارمەتی 24 کاتژمێرە هەموو ڕۆژێکی ساڵ بۆ هەر کەسێک کە پەرێشان و مەینەتبار بێت. دەتوانیت سەبارەت بە هەر شتێک پەیوەندییان پێوە بکەیت کە کێشەی بۆ دروست کردبێت.

**وینستنس وش Winston's Wish**

تەلەفون: **08088 020 021**

ماڵپەڕ **www.winstonswish.org**

ئیمەیڵ: **ask@winstonswish.org**

ڕێکخراوێکی خێرخوازی نیشتمانییە کە پشتگیری ئەو مناڵ و خێزانانە دەکات کە خەم و خەفەتی لەدەستدانی کەسێکیان هەیە.

پەیوەندییە بنەڕتییەکانی نەخۆشخانە

هێڵگۆڕکێی سەرەکی: **023 8077 7222**

پرسە و سەرەخۆشی و پشتگیری خێزان: **023 8120 4587**

سەرپەرشتی گیانیی: **023 8120 8517**

خزمەتگوزاری ڕێنمایی نەخۆش و هاوئاهەنگی (PALS): **023 8120 6325**

بنکەی پشتگیریی نەخۆش: **0800 484 0135**

نوسینگەی کاشێر: **023 8120 6058**

ڕێکخراوی خێرخوازی نەخۆشخانەکانی ساوثهامپتن

**ڕێکخراوی خێرخوازی نەخۆشخانەکانی ساوثهامپتن یارمەتی بەهێزکردنی سەرپەرشتی و چارەسەری نەخۆشەکان دەدات لە ترەستی دامەزراوەی متمانەی ئێن ئێچ ئێس NHS لە نەخۆشخانەی زانکۆ لە ساوثهامپتن1**

ڕێکخراوی خێرخوازی نەخۆشخانە پارەی ئەو شتە زیادە بچووک و گەورانە دەدات کە لەلایەن ئێن ئێچ ئێسەوە پارەیان بۆ تەرخان ناکرێت. ئەوە یارمەتی پێشکەشکردنی کەشو هەوایەکی بەهێزکراو، ئامێری تایبەتمەند، ڕاهێنان و توێژینەوە بۆ برەوپێدانی تەندروستی و خۆشگوزەرانی نەخۆشەکان، خزم و کەسوکاریان و ستافەکان.

**پەیوەندیمان پێوە بکە**

تەلەفون: **023 8120 8881**

ماڵپەڕ: **southamptonhospitalscharity.org**

ئیمەیل: **charity@uhs.nhs.uk**

ژمارەی تۆمارکراوی ڕێکخراوی خێرخوازی: **1051543**

**بەخشینی پارە بۆ یادەوەری کەسێکی خۆشەویستت**

پارە بەخشین بە ڕێکخراوی خێرخوازی نەخۆشخانە وەک یادەوەرییەک بۆ کەسێکی تایبەت یەکێکە لە چەندەها ڕێگەی واتادار بۆ یادکردنەوەی ژیانی ئەو کەسە. تۆ ئەوە دڵنیا دەکەیت کە نەخۆشەکانی داهاتوو و خێزانەکانیان باشترین سەرپەرشتییان لە نەخۆشخانەکانماندا بەدەست دەگات. ئیتر تۆ بتەوێت دیارییەکی یەک جارە پێشکەش بکەیت، بەخشینێکی ڕێکوپێک و بەردەوام دابمەزرێنیت بۆ یادکردنەوەی ڕێکەوتێکی گرنگ، یان پەڕەیەکی ڕێزلێنانی سەرهێڵ بکەیتەوە، ئێمە ئامادەین کە پشتگیریت بکەین لەکاتێکدا کە تۆ بەدوای لەبارترین ڕێگەدا دەگەڕێیت بۆ یادکردنەوەی کەسە خۆشەویستەکەت.

ئەگەر حەز دەکەیت شتێک ببەخشیت، دەتوانیت ئەوە بە تەلەفون، لەسەر ئینتەرنێت، یان لەڕێگەی ناردنی چەکێکەوە بە پۆستدا ئەنجام بدەیت. با ناوی کەسە خۆشەویستەکەت و ئەوە بزانین ئەگەر شوێنێکی تایبەتی نەخۆشخانەکە هەیە کە تۆ حەز دەکەیت لە دیارییەکەت سوودمەند ببێت.

تکایە لەبیرت بێت کە ناوی خۆت و وردەکارییەکانی پەیوەندیکردنت بە ئێمە بڵێیت بۆئەوەی بتوانین نامەت بۆ بنێرین بۆ سوپاسکردنت بۆ بەخشینەکەت. چەک دەبێت بۆ 'ڕێکخراوی خێرخوازی نەخۆشخانەکانی ساوثهامپتن' نوسرابێت و بە پۆستدا بنێردرێت بۆ ناونیشانەکەمان لە لاپەڕەی داهاتوودا.

پۆستی بێ بەرامبەر RRUA-CSKX-JUBZ
Southampton Hospitals Charity
Southampton General Hospital
Tremona Road
Southampton
SO16 6YD

Southampton Hospitals Charity
Charity Registration Number: 1051543

**لە خزمەتگوزارییەکی پرسە و ماتەمینی یان یادکردنەوەدا وەربگیرێت**
هەندێک کەس لە پرسە و ماتەمینی یان یادکردنەوەی کەسێکی خۆشەویستیاندا بڕیار دەدەن کە بەخشین وەربگرن وەک جێگرەوەیەک بۆ گوڵ. ئێمە بەتایبەت مەمنوونی ئەو جۆرە بەخشینە تایبەتانەین.

تکایە بەڕێوەبەری پرسە و ماتەمینی ئاگادار بکەرەوە کە تۆ حەز دەکەیت پشتگیریی ڕێکخراوی خێرخوازی نەخۆشخانەکانی ساوثهامپتن بکەیت و ئەوە دەستنیشان بکە ئەگەر حەز دەکەیت قاوش یان بەشێکی دیاریکراو لە دیارییەکەت سوودمەند بێت بۆئەوەی لەوە دڵنیا ببینەوە کە ئاواتەکانت هێنراونەتە دی.

**پێکەوەنانی ڕێزلێنانێکی سەرهێڵ**
مەچ لەڤد MuchLoved خزمەتگوزارییەکی بێ بەرامبەری ڕێزلێنان پێشنیاز دەکات بۆ یارمەتیدانی ئێوە کەسی خۆشەویستی خۆتان لەبیر بێت و یادی بکەنەوە. ئەوە بوار بۆ تۆ دەڕەخسێنێت بۆ دروستکردنی ماڵپەڕێکی یادەوەری کە لەوێدا دەتوانیت یادەوەری، بیروبۆچوون و چیرۆک لەگەڵ خێزان و خزم و کەسوکار و هاوڕێیان هاوبەش بکەیت و هەروەها داگیرساندنی مۆم، زیادکردنی میوزیک، وێنە و ڤیدیۆ بۆی.

تۆ هەروەها دەتوانیت بەناوی کەسی خۆشەویستتەوە بەخشین بۆ ڕێکخراوی خێرخوازی نەخۆشخانەکانی ساوثهامپتن کۆبکەیتەوە.

ماڵپەڕی مەچ لەڤد MuchLoved دەکرێت لێرەدا ببینرێتەوە: **www.muchloved.com**

## لیستی ئەو کەسانەی کە دەبێت ئاگادار بکرێنەوە

تۆ دەبێت کەس و ڕێکخراوی تر ئاگادار بکەیتەوە کە ئەو کەسە مردووە. تۆ پێویست ناکات یەکسەر ئەوە ئەنجام بدەیت، بەڵام زۆر گرنگە کە یەکسەر دوای ئەوەی کە وەهات هەست کرد دەتوانیت ئەوان بە زووترین کاتی گونجاو ئاگادار بکرێنەوە. تۆ لەو خشتەیەی خوارەوەدا لیستێکی پێشنیارەکان دەبینیتەوە.

| **ئەو کەس یان ڕێکخراوانەی کە دەبێت ئاگاداریان بکەیتەوە** | |
|---|---|
| پزیشکی گشتی (جی پی) | |
| بانک و/یان بیڵدینگ سۆسایتی | |
| خزمەتگوزارییەکانی حکومەت، لەڕێگەی خزمەتگوزاری تێڵ ئەس وانس Tell Us Once ـەوە | |
| پزیشکی ددان، پشکنەری چاو، تیمی سەرپەرشتی و هەر کەسێکی تر کە سەرپەرشتی فەراهەم کردووە | |
| خاوەنکار و سەندیکای کرێکاران (ئەگەر بەسەریدا بچەسپێت) | |
| فەراهەمکاری مۆرگێج، کۆمەڵەی خانووبەرە یان فەرمانگەی خانووبەرەی ئەنجومەنی شارەوانی | |
| فەراهەمکاری خانەنشینی | |
| دابینکارانی کارەبا، گاز و ئاو | |
| خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان (ئەگەر بەسەریدا بچەسپێت) | |
| دەزگای شۆفێر و مۆڵەت بەخشین بە ئۆتومبێل ((DVLA | |
| فەرمانگەی پاسپۆرت | |
| یانەکانی ئەندامێتی یان چالاکییەکان | |
| تۆماری پرسە و سەرەخۆشی (وردەکارییەکانی کەسەکە لە لیستەکانی نامەناردن دەردەکەن و زۆربەی پۆستی ڕیکلامکردن ڕادەگرن): **www.thebereavementregister.org.uk** | |

## تێبینی

## ڕێنمایەکی هەنگاو بە هەنگاو

| |
|---|
| خاڵی یەکەمی پەیوەندی ئەو کەسەی کە مردووە ڕاستەوخۆ لەلایەن یەکێک لە کارمەندەکانی قاوشەکەیەوە ئاگادار دەکرێتەوە. |
| ئەو کەسەی کە مردووە لەژێر سەرپەرشتی نەخۆشخانەدا دەمێنێتەوە هەتا بەڕێوەبەرێکی پرسە و ماتەمینی دەستنیشان دەکرێت. |
| بیرۆکەیەکی باشە ئەگەر هەوڵ بدەیت هەر ئەوراقێکی بەسوود ببینیتەوە سەبارەت بە وەسێتنامە، ئاوات و پلانەکانی پرسە و ماتەمینی ئەو کەسەی کە مردووە. |
| شتێکی بەسوود دەبیت کە دوو لیست لەناوی ئەو کەسانە دروست بکەیت کە دەبێت پەیوەندییان پێوە بکەیت:<br>· لیستێکی کەسی، بۆ نموونە، خێزان و خزم و کەسوکار، هاوڕێیان و هاوەڵەکانی کار<br>· لیستێکی پیشەوەرانە، بۆ نموونە، ڕێکخراوە داراییەکان، کۆمپانیاکانی دڵنیایی و پارێزەری خێزانەکە<br><br>هەر کات وەهات هەستکرد کە دەتوانیت پەیوەندی بەوانەوە بکە. |
| هەر موڵک و ماڵ و شتێکی بەنرخ بە سەلامەتی هەڵدەگیرێن.<br>· تیمی بنکەی پشتگیریی نەخۆش پەیوەندیت پێوە دەکەن بۆ سازدانی وەرگرتنەوە یان گەیاندنی ئەو شتانەی کە بەنرخ نین.<br>· شتومەکی بەنرخ دەکرێت لە فەرمانگەی کاشێر لەناو نەخۆشخانەدا وەربگیرێنەوە. |
| ڕێوشوێن سازکردن بۆ بینینی ئەو کەسەی کە مردووە دەکرێت لەڕێگەی پەیوەندیکردنەوە بە تیمی پرسە و سەرەخۆشی و پشتگیری خێزانەوە ئەنجام بدرێت. |

| |
|---|
| تۆ دەتوانیت بەڕێوەبەرێکی پرسە و ماتەمینی هەڵبژێریت بۆ یارمەتیدانت بۆ سازدانی پرسە و ماتەمینییەکە، ئەگەر حەز بکەیت. |
| خزمەتگوزاریی پشکنەری پزیشکی لە ساوثهامپتن (MES) پەیوەندیت پێوە دەکەن سەبارەت بە پڕۆسەی بڕوانامە بەخشین و تۆمارکردن و هەنگاوەکانی دواتر و هەروەها خشتەی کاتەکانیش. |
| بڕوانامەی پزیشکیی هۆکاری مردن (MCCD) پاشان دەردەکرێت، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە مردنەکە ڕەوانە کرابێت بۆلای لێکۆڵەری فەرمی دەوڵەت بۆ هۆکاری مردن. |
| وادەیەک دەکرێت دابنرێت بۆ تۆمارکردنی مردنەکە لە نوسینگەی تۆمارکردن. |
| یەکسەر دوای ئەوەی کە مردنەکە تۆمار کرا، تۆ کۆدێکی ناوازەت بەدەست دەگات بۆ خزمەتگوزاری تێڵ ئەس وانس Tell Us Once. ئەوە هەموو دەزگاکانی حکومەت لە مردنەکە ئاگادار دەکاتەوە. |
| ئێستا دەتوانرێت هەنگاوی پێویست بگیرێتە بەر بۆ یەکلاییکردنەوەی سامانەکانی ئەو کەسەی کە مردووە. |

ڕێنمایی و پشتگیری

لە هەر قۆناغێکدا بێت لە سەرتاسەری ئەم پڕۆسەیەدا و لە هەر کاتێکی دواتریشدا دەتوانیت پەیوەندی بە تیمی پرسە و سەرەخۆشی و پشتگیری خێزانەوە بکەیت، بۆ ڕێنوێنی و پشتگیری.

Bereavement and family support team
1st Floor Trust Management Offices (MP310)
University Hospital Southampton NHS Foundation Trust
Southampton General Hospital
Tremona Road
Southampton
SO16 6YD

تەلەفون: **023 8120 4587**
ئیمەیڵ: **bereavementcare@uhs.nhs.uk**

ئەگەر تۆ نەخۆشێکیت لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی ئێمەدا و پێویستیت بەوەیە ئەم بەڵگەنامەیە وەربگێڕدرێت، یان بە شێوازێکی تر بێت وەک خوێندنەوەی ئاسان، چاپی گەورە، برەیڵ و شێوازی دەنگی، تکایە تەلەفون بکە بۆ 0800 484 0135 یان ئیمەیڵ بنێرە
بۆ **patientsupporthub@uhs.nhs.uk**

بۆ یارمەتی وەرگرتن لەسەر ئامادەکاریی سەردانکردنی خۆت، ئامادەکردنی وەرگێڕ یان هەڵسەنگاندنی
نەخۆشخانەکە، تکایە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە
**www.uhs.nhs.uk/additionalsupport**

**www.uhs.nhs.uk**

Experience of care team

© 2024 University Hospital Southampton NHS Foundation Trust. All rights reserved.

Version 13. Updated April 2024. Due for review August 2026. 956